گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەگەزی زاڵ وەک پێوەرێك بۆ ناسنامەی ژانرێتی دەق بە نموونەی دەقەکانی (تەڵعەت تاهیر)

**پ.د.فوئاد ڕەشید محەمەد**
بەشی کوردی, پەروەردەی بنیات , زانكۆ سلاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
fuad.mohammd@su.edu.krd

**محەمەد عوسمان کەریم**
بەشی کوردی, پەروەردەی بنیات , زانكۆ سلاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Mohammed.o.kareem@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/١٠
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/٢٣
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
ناسنامە،ژانر ، تەڵعەت تاهیر ، ڕەگەزی زاڵ ، ڕۆمان یاکوپسن

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.4.16

## پوختە

ڕەگەزی زاڵ، وەکو زاراوەیەکی رەخنەیی پتر لەسەر دەستی ڕۆمان یاکۆپسن چەسپێنراوە،کە سەر بە بزاڤی فۆرماڵیستی ڕووسییە، لەم توێژینەوەیەدا ڕەگەزی زاڵ وەك پێوەرێك بۆ دیاریکردنی ناسنامەی ژانرێتی دەقی ئەدەبی کاری لەسەرکراوە.ئامانجی ئەم توێژینوەیەش توێژینەوەکە بەدیارخستنی کارایی و ناکارایی زاراوەی ڕەگەزی زاڵە،لە پرۆسەی دیاریکردنی ناسنامەی ژانرێتی دەق . توێژینەوەکە هەوڵێکی شیکاریی پراکتیکییە لە سنووری دەقەکانی (وا دەڕوا بە جێم دێڵێ ، توحفە لەسەر توحفە ، عەبدوڵڵا گوێ بەگوارە) لە کۆدەقی (ئەو گوڵە گەنمانەی بوونە گسک)ی تەڵعەت تاهیردا،چونکە شاعیر ( تەڵعەت تاهیر) ناسنامەی دەقەکانی دیاری نەکردووە و بۆ گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە جێهێشتووە.لەسەروبەندی شیکردنەوەی دەقەکاندا سوود لە میتۆدی شێوازگەری بینراوە و توێژەر بەم ئەنجامە گەیشتووە،کە ڕەگەزی زاڵ لە توانای دایە ناسنامەی دەق دیاری بکات،بۆ نموونە وەکو لە دەقی (وا دەڕوا بە جێم دێڵێ) وەک کورتیلە شیعر دانراوە

## ١.پێشەکی

بابەتی دیاریکردنی ناسنامەی ژانرێتی دەقی ئەدەبی ، بابەتێکی گرنگی نێو تێۆری کۆن و نوێی ئەدەبە ،لەم بوارەدا پێوەر و بنەمایی جیاواز دانراوە بۆ پۆلێنکردنی ژانرە ئەدەبییەکان،یەکێک لەم پێوەرانە زاراوەی (ڕەگەزی زاڵ)ە لەلایەن یاکوپسنەوە .ئاشکرایە ڕۆمان یاکوپسن کە سەر بە بزاڤی فۆڕمالیزمی ڕووسیە،پتر لە ڕوانگەیەکی شێوازناسی وتەکنیکیەوە ئەم زاراوەیەی ناساندووە .

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی تویژینەوەکە بەدیارخستنی کارایی و ناکارایی زاراوەی ڕەگەزی زاڵە،لە پرۆسەی شیکردنەوەی دەق و بە مەبەستی دیاریکردنی پێگە و جێگەی جوگرافی دەقی ئەدەبییە لەسەر ڕووبەری نەخشەی ژانرە ئەدەبییەکان بەتایبەتی بۆئەو  تیکستانەی کە وەکو نووسینێکی بێ ناسنامە بڵاوکراونەتەوە .

## پرسیاری توێژینەوە :

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە،ئایا ڕەگەزی زاڵ تا چ ڕادەیەک دەکرێت ببێتە پێوەرێک بۆ دیاریکردنی ناسنامەی ژانرێتی دەقی ئەدەبی .
کۆدەقی (ئەو گوڵە گەنمانەی بوونە گسک)خاوەنی چ جۆرە ناسنامەیەکن لە ڕووی ژانرە ئەدەبییەکانەوە .

## گرینگی توێژینەوە :

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە،کە چۆنیەتی و چەندێتی کارایی زاراوەی (ڕەگەزی زاڵ) مان بۆ دەردەخات،لەئاست دەستنیشانکردنی ناسنامەی ژانرێتی دەقی ئەدەبی دا،لەلایەکی ترەوە ناسنامەی ئەدەبی ئەم دەقانەی (تەڵعەت تاهیر)مان بۆ یەکلادەکاتەوە،کەئاشکرانەکردنی ناسنامەی ئەم دەقانەی تەڵعەت تاهیر جۆرە گومانێکی لای هەندێک لە خوێنەرانی کورد

دروستکردووە.لەئاست پێگەی ئەم دەقانە لە نێوان ئەدەبیبوون و نەبوونیان دا .توێژینەوەکە ئەم گومانە دەڕەوێنێتەوە .

## ڕێبازی توێژینەوە :

توێژینەوەکە  بە پلەی یەکەم ،لە ڕووی میتۆدبەندییەوە لە نێو تیۆری شیعرییەتی ڕۆمان یاکۆپسن پشت بە زاراوەی ڕەگەزی زاڵ دەبەستێت،هەڵبەتە ئەمەش دوای شیکارییەکی شێوازگەرییانەی دەقەکان .

## پێکهاتەی توێژینەوە :

توێژینەوەکە دوو تەوەر لە خۆ دەگرێت:لە تەوەری یەکەمدا ناساندن بۆ ڕەگەزی زاڵکراوە،لە تەوەری دووەمیش دا ڕەگەزی زاڵ وەک پێوەرێک بۆ ناسنامەی ژانرێتی دەقەکانی (وا دەڕوا بە جێم دێڵێ، توحفە لەسەر توحفە ،عەبدوڵڵا گوێ بگوارە) لە کۆدەقی (ئەو گوڵە گەنمانەی بوونە گسک)ی تەڵعەت تاهیردا ، لە کۆتایشدا کۆی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لە چەند خاڵێک  خراوەتە ڕوو .

## تەوەری یەکەم

### ١-١ ڕەگەزی زاڵ لە ڕووی (زمان و زاراوە ):-

زاراوەی ڕەگەزی زاڵ لە زمانی ئینگلیزی دا بەرامبەر وشەی (Dominant) بەکاردێ بە((وشەی (Dominant) لە چەند بوارێک بەکارهاتووە نزیک لەواتا بنەڕەتیەکەی :- ١-مێرولەی باڵادەست ٢-پێنجەمین هەنگاوی پەیژەی مۆسیقا .)) (N C DONIACH ,2019 , 347) زاراوەی ڕەگەزی زاڵ لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەر وشەی (المهيمن)ە،هاوواتای (مصيطر) مانای (زاڵ) دەگەیەنێت،وشەی (مهيمن ) لە چەند بوارێک بەکارهاتووە،نزیک لەواتا بنەڕەتیەکە :-١-(مهيمن)دەوڵەتی هەژموون : دەوڵەتێک کە کاروباری دەرەوەی دەوڵەتەکانی دیکە کۆنتڕۆڵ دەکات. ٢- (مهيمن)ناوی خودایە : یەکێکە لە ناوەکانی خودا بە واتایی بینەر بەسەر بەندەکانی خۆی هەمووان لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دان))( الفوزان والطاهر  و عبدالخالق ،٢٠١٣، ٣٤٤).زاراوەی

ڕەگەزی زاڵ لە زمانی فارسی بەرامبەر زاراوەی (عنصر غالب)ە،کەوا وشەیەکی لێکدراوە لە دوو بەش پێکهاتووە (عنصر + غالب ) بە واتایی (ڕەگەزی زاڵ) دێت .(معین ، ١٣٨١ه ، ١١٠٦-١٠٩٦.) زاراوەی ڕەگەزی زاڵ لە زمانی کوردی لە دوو وشەی واتادار پێکهاتووە (ڕەگەز + زاڵ ) ، ڕەگەز لە فەرهەنگە کوردییەکان کۆمەڵێک هاوواتایی هەیە،لە ((فەرهەنگی هەراشان : ڕەگەز : بنیچە ، بنەچە ، نەژاد )) (ناوخۆش وئەوانی تر ، ٢٠٠٧ ، ١٧١) لە ((فەرهەنگی خاڵ : ڕەگەز : جنس )) ( خاڵ ، ٢٠٠٥ ، ٢٢٦ ) . وشەی زاڵ لە فەرهەنگەکانی کوردی کۆمەڵێک هاوواتای هەیە،لە ((فەرهەنگی خاڵ: زاڵ : گیاندەری زۆردار ))( خاڵ ، ٢٠٠٥ ٢٣٤ ) لە ((فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە :زاڵ : سەرکەوتوو بەسەر مەبەست ))(موکریانی ، ١٣٦٩ ، ٧٣ ) . جێی سەرەنجە لە وەرگێرانی زاراوەی ڕەگەزی زاڵ بۆ زمانەکانی تر وشە و دەستەواژەی جیاوازی بۆ بەکارهاتووە وەکو(Dominant ، المهیمن ، عنصر غالب ، ڕەگەزی زاڵ ) بەڵام بە هەمان واتا بەکارهاتووە.ئەگەرچی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردییشدا دەربڕینی جیاواز بۆئەم زاراوەیە بەکارهاتووە(توخمی زاڵ،توخمی باڵاست ، ماکی زاڵ ،بەهای زاڵ ) لەم توێژینەوەیەدا توێژەر شێوە دەربڕینی (ڕەگەزی زاڵ)ی بە گونجاو زانیووە .

### ٢-١ ڕەگەزی زاڵ وەک زاراوەیەکی ڕەخنەیی :-

زاراوەی ڕەگەزی زاڵ،وەک زۆربەی زاراوە ڕەخنەییەکانی ئەدەب و بوارە جیاجیاکانی تر بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاوا،ئینجا بە پێی کات لە ڕەخنەی ئەدەبی گەلانی ڕۆژهەڵاتیش بەکارهێنراوە.زاراوەی ڕەگەزی زاڵ لە سەدەی بیستەم بە تایبەتی لە لایەن بزاڤی فۆرمالیزمی ڕووسی بەکارهاتووە،بە چەمکێکی گرنگ ناساندویانە،ئەگەرچی لەنێو بزاڤی ناوبراودا یاکۆبسن کاری لەسەر کردووە،بەڵام لە پێش یاکۆبسن و دوایی یاکۆبسن چەند نووسەرێکی تر بە دەربڕینی جیاواز یان نزیک لەم دەربڕینە ئەم چەمکەیان بەکارهێناوە .

یان موکارفسکی لەساڵی ١٩٢٦ ئەم زاراوەی بەکارهێناوە لە ژێر ناوی (پاشخان و پێشخان) .لەدوای یان موکارڤسکی تینیانوف و ایخنباوم ئەم دەستەواژەیان بەکارهێناوە لەساڵی ١٩٢٧ لە ژێر ناوی (سیستەمی باڵادەست)،بەڵام یاکۆپسن بەتێر و تەسەلتر لە نووسینێکی تایبەتدا،زیاتر

لەوانی پێش خۆی زاراوەکەی ناساندووە و ئاماژەی پێداون و بە نموونەش شرۆڤەی کردووە (بەرزنجی ، ٢٠١٦ ، ٢٢).

یاکۆبسن لە کتێبی (Language Literature) زاراوەی (The Dominant) بەکارهێناوە بە واتایی (زاڵ)، یاکۆبسن بەم جۆرە پێناسەی کردووە : ((ڕەگەزی زاڵ وەک پێکهاتەی جەختکردنەوەی کارێکی هونەری پێناسە بکرێت ئەو پێکهاتانەی کە ماونەتەوە کۆنترۆڵکەر دەکات و دیاری دەکات و دەیانگۆڕێت،ئەو زاڵە مسۆگەری یەکپارچەیی پێکهاتەیی دەکات و زاڵەکە کارەکە دیاری دەکات ))(jakopsn , 1987 , 41) واتە توخمێک لە پێکهاتەی هونەری دەقەکە زاڵ دەبێت و سەرتاپای دەقەکە دەگۆڕێت.یاکوپسن دەڵێت :((ڕەگەزی زاڵ جۆراوجۆریەتی زمان دیاری دەکات ، زاڵ دەبێت بەسەر هەموو پێکهاتەیەک وەک پێکهاتەیەکی نەگۆڕ ڕۆڵ دەگێڕێت و زاڵ دەبێت بەسەر هەموو ئەو توخمانەیی کەماونەتەوە و کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر دروست دەکات)) (jakopsn , 1987 , 41) واتا ڕەگەزی زاڵ کارکردنە لەگەڵ خودی زمانی شیعری دەقەکە،بوونی بنچینەیەکی زمانی زاڵ کەوا ببێتە هۆی ئاڕاستەکردنی گشت دەقەکە.

بەشێک لە ڕەخنەگرانی ڕۆژئاوا لە باسکردن و دیاریکردنی زاراوەی ڕەگەزی زاڵ دا پێناسەی جیا جیایان بۆکردووە.لەمانە (یان موکارفسکی ) زاراوەی (توخمە باڵادەستەکان )ی بەکارهێناوە ، لە وتاری (زمانی ستاندارد و زمانی شیعری) و بەم جۆرە پێناسەی کردووە و دەڵێت:(( پێشخان بە واتای کۆی توخمە دیارەکانی ناو کارە هونەرییەکە دێت،لە کاتێکدا پاشخان ئاماژەیە بۆ توخمە لاوەکییەکانی دیکە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ تیشک خستنە سەر توخمە "پێشەوە"ەکان، کە مۆکارۆڤسکی خۆی بە توخمە باڵادەستەکان ناوی دەبات ))(الروبی ، ١٩٨٢ ، ٤٢) موکارفسکی دەستەواژەی پێشخان و پاشخانی بەواتای توخمی لاوەکی و سەرەکی دەق بەکارهێناوە.موکارفسکی پێناسەیەکی تری کردووە و دەڵێت:((کاریگەری ئەدەبیی سیستەمێکە لە توخمەکان کە لە ڕووی هونەری و جوانکارییەوە بەدەست هاتوون و بە شێوەیەکی پلەبەندی دانراون، بە هەژموونی توخمێکی دیاریکراو بەسەر باقی توخمەکانی دیکەدا کە لەناو بەرهەمی ئەدەبییدا بوونیان هەیە، یەکدەخرێن)) (حمداوی ، ٢٠١٦ ، ٧٢) ئەگەر سەیری ئەم پێناسەیەی موکارفسکی بکەین دەبینین لەڕووی ناساندنی ڕەگەزی زاڵ لەگەڵ یاکۆپسن بەشێویەکی نزیک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەیەک پێناسەیان کردووە و هەردووک بۆ یەک مەبەست بەکاریانهێناوە .(تۆماشفسکی) زاراوەی (سیستەمی باڵادەست )ی بەکارهێناوە بەم شێوە پێناسەی کردووە و دەڵێت:((ئەو سیستەمانەی کە پێکهاتەی دەقی ئەدەبی ڕێکدەخەن،ئەمانە سیستەمی زاڵن،واتە هەموو سیستەمەکانی دیکە پێویستن بۆ دروستکردنی پێکهاتەی دەقەکە . سیستەمی باڵادەستی پێ دەوترێت ... سیستەمی زاڵ کۆی ئەم سیستەمە زاڵانەیە کە نوێنەرایەتی ئەو توخمە دەکەن کە ڕێگە بە دروستبوونی ژانرێکی دیاریکراو ))(تودورف ، ١٩٨٢ ، ٢١٤) لەم پێناسەیەدا ڕەگەزی زاڵ ئەرکێکی تر دەبەخشێ بە دەق لە ڕێگەی دروستبوونی جۆری دیاریکراو.

(تینیانوڤ) زاراوەی (سیستەمی باڵادەست )ی بەکارهێناوە و پێناسەی کردووە و دەڵێت:((ئەرکی هەر پێکهاتەیەکی سیستەمەکە بە باقی پێکهاتەکانەوە بەستراونەتەوە بە تەواوی سیستەمەکەوە ...... سیستەم بە مانای پێکەوەبوونی هەندێک پێکهاتە نییە لەسەر پێگەیەکی یەکسان،پێویستی بە باڵادەستیی کۆمەڵێک توخم و شێواندنی باقی توخمەکان هەیە.)) (محمد ، ٢٠٠٠ ، ٥٢) گشت پرۆسەکە وەک سیستەمێکی پێکهاتەیی،کەوا توخمێك باڵادەستە بەسەر گشت پێکهاتەکانی تر .

(ایخنباوم) زاراوەی (بەهای باڵادەست)ی بەکارهێناوە و پێناسەی کردووە و دەڵێت:((چەمکی بەهای باڵادەست شێوازە شیعرییەکان ڕێکدەخات و ناسنامەیان پێدەبەخشێت و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش سێ شێوازی بنەڕەتی لە شیعردا پێشنیار کردووە.))(مبروک ، ٢٠١٦ ، ١٢٨) لەم پێناسەی ایخنباوم جیاواز لە پێناسەکانی سەرەوە تەوەرێکی جیاواز دەهێنێتە بەرباس ئەویش بوونی ناسنامەی دەقەکانە لەلایەن ڕەگەزی زاڵ یەکلا دەبێتەوە .

لێرەدا ئەگەر سەرنجی ئەم بۆچوونانە بدەین،بەشێک لە ڕەخنەگرانی عەرەبیش لە باسکردن و دیاریکردنی زاراوەی ڕەگەزی زاڵ دا پێناسەی جیا جیایان بۆکردووە .(کوثر جابر ) زاراوەی (العنصر المهیمن)ی بەکارهێناوە و پێناسەی کردووە و دەڵێت :((زاڵبوون زاراوەیەکە کە ئاماژەیە بۆ جۆری ئەو پەیوەندییانەی کە زۆرترین جار لە دەقێکدا ڕوودەدەن. تێبینی دەکەین کە هەندێک توخم لە ڕووی چەندایەتی یان کوالێتی لە دەقەکەدا زاڵن،بەجۆرێک کە کارە هونەرییەکان دەبێتە بنەمای کۆمەڵێک تەکنیکی هونەری کە لە پلەبەندییەکی دیاریکراودا ڕێکخراون و گەشەسەندنی هونەریش لە گۆڕینی ئەم پلەبەندییەوە سەرهەڵدەدات))(جابر ، ٢٠١٢ ، ١٨٠) لەم پێناسەدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کەوا ڕەگەزی زاڵ واتە ئەو پێکهاتەیەی کە زۆرترین پانتایی دەقێك داگیر بکات و دەقەکە بەرێوەببات. بەشێک لە ڕەخنەگرانی فارس لە باسکردن و دیاریکردنی زاراوەی ڕەگەزی زاڵ دا پێناسەی جیا جیایان بۆ کردووە. (خسروی شکیب) زاراوەی (وجە غالب)ی بە واتای (لایەنی زاڵ)ی بەکارهێناوە و پێناسەی کردووە: ((ئەم پێکهاتەیە کۆنترۆڵی و دیاریکردن و گۆڕینی باقی پێکهاتەکان دەکات و ئەو لایەنە زاڵەیە کە مسۆگەری یەکپارچەیی پێکهاتەکە دەکات))(خسروی شکیب ، ١٣٨٨ ، ١٠٤). ئەم پێناسەیە جەخت لەمە دەکاتەوە کەوا ڕەگەزی زاڵ هۆی گۆڕین و کۆنترۆڵی پێکهاتەکان لە ئەستۆ دەگرێت.

(رضایی و چراغی) زاراوەی (عنصر غالب)یان بەواتای (ڕەگەزی زاڵ) بەکارهێناوە و پێناسەیان کردووە:((ڕەگەزی زاڵ چەمکێکی گرینگی فۆڕمالیزمەکانە ، کە یەکگرتوویی و جەخت دەهێنێتە ناو کارێکەوە و زاڵ دەبێت بەسەر پێکهاتە لاوەکییەکانی دیکەدا)( رضایی و چراغی ، ١٤٠٠، ٢٩٢).بەشێک لە ڕەخنەگرانی کورد لە باسکردن و دیاریکردنی زاراوەی ڕەگەزی زاڵ دا پێناسەی جیا جیایان بۆ کردووە (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی) زاراوەی (توخمی زاڵ)ی بەکارهێناوە و پێناسەی کردووە :((کاری ئەدەبی بۆ خۆی دەرئەنجامی لێکئاڵانی کۆمەڵێک سیستەم و کەرەستە و ڕەگەزە ، لە نێوانیاندا یەکێکیان زیاتر دەردەکەوێت و باڵادەست دەبێت ))(بەرزنجی ، ٢٠١٦، ٤٤)( سەنگەرنازم و ڕێزان سالح ) زاراوەی (چەمکی زاڵ)یان بەکارهێناوە و پێناسەیان کردووە :((کە ڕەگەزی سەرەکییە لە بەرهەمی هونەری دا و حوکم لەسەر ڕەگەزەکانی دیکە دەکات و دەیان چەسپێنی و دەیانگۆڕێت گرێدراوە و وا بەستەیە بە بونیات)) (حسێن و مەولود ، ٢٠١٨ ، ٥٩ ) بەهەمان شێوەی هەندێک لە پێناسەکانی تر چەمکی زاڵ سەرپەرشتی پێکهاتەکانی دەق دەکات و دەیانگۆڕێت .سەبارەت بە زاراوەی ڕەگەزی زاڵ کۆمەڵێک زاراوە و پێناسەی جیا جیای بۆ کراوە،لەلایەن کۆمەڵێک ڕەخنەگری ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی و کوردی ؛ بۆیە لە ژێر ڕۆشنایی خودی پێناسەکردنی ڕۆمان یاکوپسن ، پێمان وایە مەبەست لە زاراوەی ڕەگەزی زاڵ،ئەو ڕەگەزە زاڵە تەکنیکی و هونەرییە زمانەوانییە؛ کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت بەسەر سەرتاپای پێکهاتەی دەقەکە و دەیانگۆڕیت، یەکپارچەیی دەقەکە بنیات دەنێت و لەلایەکی ترەوە توخمی ڕەگەزی زاڵ دەبێتە هۆی پێدان و یەکلاکردنەوەی ناسنامەی ژانرێتی دەقەکان .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٣-١ ڕەگەزی زاڵ وەک پێوەرێک بۆ ناسنامەی ژانرێتی دەق :

ڕەگەزی زاڵ وەک ئەرکی ناسنامەی ژانرێتی،دەبێتە یەکێک لەو دەرئەنجامە گرنگانەی کەوا بزاڤی فۆرمالیزمی ڕووسی پێیگەیشتوون بۆ کاری پەرەسەندنی ژانرێتی،یاکۆپسن ئاماژەی بەم لایەنە کردووە پێی وایە گرنگیی ڕەگەزی زاڵ لە ڕەوتی پەرەسەندنی دەقە ئەدەبییەکاندا بەدیارکەوتووە،بەو واتایەی ئەو ڕەگەزانەی لە قۆناغێکدا لاوەکی بوون لە قۆناغێکی تردا بوونەتە ڕەگەزێکی سەرەکی و زاڵ. (jakopsn , 1987 , 44) واتە یاکۆپسن مەبەستی لەم پێناسەیە ئەوەیە کەوا ڕەگەزی زاڵ دەبێتە هۆی گۆڕانکاری ژانەرێتی دەقەکە و جێگۆڕکێی ژانەرێتی لەنێوان پێکهاتەی دەقەکە ڕوودەدات .مەبەستی یاکوپسن لە پێکهاتەی ڕەگەزی زاڵ بریتیە لەو ئەدگارە تەکنیکیەکانی زمانی شێوازی دەق،لەم بۆچوونەشیدا سوودی لە توێژینەوەکانی پێش خۆی وەک(یخنباوم ، موکارفسکی ، تینیانوف) بینیووە.هەر بۆ نموونە(یخنباوم)زاراوەی ڕەگەزی زاڵی بەوە دەستنیشان کردوە،کە ئەرکی ڕێکخستنی و شێوازە شیعریەکان و ناسنامەیان پێدەبەخشێت.لەم ڕوانگەیەوە سێ شێوازی بنچینەی بۆ شیعری لیریکی دیاریکردووە:شێوازی گوتاریی،شیوازی میلۆدی،شێوازی قسەکەر.(مبروک ، ٢٠١٦ ، ١٢٨)کەواتە ڕەگەزی زاڵ پێوەرێکی شێوازناسی تەکنیکیە پشت بەجۆراوجۆری زمانی دەق دەبەستێ .لێرەوە ئەم پێوەرە لە دیاریکردنی ناسنامەی ژانریتی دەق دا ئەو هۆکارە دەرەکیانە ڕەت دەکاتەوە،کەدەقی ئەدەبی دەکەنە بەڵگەنامەی کۆمەڵایەتی و مێژووی و دەروونی.(الروبی ، ١٩٨٤ ، ٣٩)بەڵکو زاڵبوونی یەکێک لە ڕەگەز و ئەدگارە زمانیەکان دەکاتە پێوەر بۆ دیاریکردنی ناسنامەی ژانریتی دەق بۆ نموونە (گێرانەوە ، مەنەلۆگ ، بنیاتی ڕیتم ، دووبارەکردنەوە )

### ١-٣-١ ناسنامەی دەقی ئەدەبی لە تیۆری ژانرە ئەدەبییەکان:

بابەتی پۆلێنکردنی دەقە ئەدەبییەکان لە ڕووی ناسنامەی ژانرێتی ئەرکێکی دێرین و گرنگی تیۆری ئەدەبە و تیۆری ئەدەبیش لقێکە لە ئەدەبناسی؛بۆیە ئەدەبیش گەلێک شێواز و ناوەڕۆکی جیاوازی هەیە ؛بۆیە لە ژێر یەک ناونیشان پۆلێن نەکراوە.لە ڕێگەی دانانی بنەمای زانستی و ئەدەبیبوونی دەقەکان پۆلێندەکرێت لێک جیادەکرێتەوە،بەپێی خاسیەت و پێکهاتەی ئیستاتیکی دەقە ئەدەبییەکان ژانەرێکی بۆ دیاری دەکرێت،ئەمەش دەبێتە ناسنامەی بنەڕەتی دەقەکە و لەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێگەیەوە خوێنەر و ڕەخنەگران مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.بابەتی بوونی ژانەری جیا جیا لە نێو ئەدەبدا،گەلێک ڕا و بیر و بۆچوونی جیاواز لە خۆ دەگرێت بەهۆی سەردەم و ڕووداوەکانی مێژوو هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کەوا ڕوویدا لە ڕووی (سیاسی و ئەدەبی و ئابووری و مێژوویی) کاریگەریان دروستکردووە لەسەر دابەشبوونی ئەدەب بەسەر ژانەری جیاوازدا؛چونکە(( هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی گۆڕانی جڤاک پێوەندی ئێستاتیکی خۆی بە جیهانەوە لە ڕێگەی چەند ژانر و چەشنێکی ئەدەبی دیاریکراوەوە دەردەبڕێت))(ڕەشید ، ٢٠٠٥ ، ٢٦) ئەم بابەتە لە لای ڕەخنەگرانەوە لەسەردەمی ئەفلاتونەوە تاکو ئێستاش گرینگی خۆی هەیە و بۆوەتە بابەتێکی سەرەکی نێو تێۆری ئەدەب،بۆیە لە کۆی ئەم بیر و بۆچونانەی جیاوازانەی کەوا لەسەر ناسنامەی دەقی ئەدەبیەکان لە تیۆری ژانرە ئەدەبیەکان هەیە هەوڵ دەدەین بەسەر دوو بازنەدا پۆلێنیان بکەین :

### ١-٣-١-١تیۆری کۆنی ئەدەب :

بەشێوەیەکی گشی ڕەخنەگرانی سەر بەتیۆری کۆنی ئەدەب،لە هەوڵی ئەوە دابوونە کەوا جۆرا و جۆری ئەدەب دیاریبکەن و گرنگیان بە پۆلێنکردنی ژانرەکان داوە.((بەشێوەیەکی گشتی بیر و بۆچونەکانی تیۆری کۆنی ئەدەب لەسەر بنەمای جیاکردنەوە و لێک دابڕین و سنووربەندکردنی ژانەرە ئەدەبییەکان دامەزراوە،ئەمەش لەم ڕوانگەیەوە کە هەر ژانرێک بونیاد و قەوارەی تایبەتی سەربەخۆی هەیە))(ڕەشید ، ٢٠٠١ ، ٣٢) لەم بۆچوونەدا سەربەخۆبوونی ژانرەکان دەگەڕێنێتەوە بە تایبەتمەندیەکانیان.((بۆچونە کلاسیکیەکان پێیان وابوو ، ژانەرەکان خاوەنی قالبێکی چەسپاو و نەگۆڕن و بەنەمری دەمێننەوە ، بەم پێیە سنووری نێوان ژانرەکانیان دیاریکرد.))(حەمە ، ٢٠٢٣ ، ١٨-١٩) هەربۆیەش هەریەک لە جۆرەکان خاوەنی خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی بێت و تێکەڵاوبوون ڕوونەدات،سنوربەندی پەیڕەو بکەن لە خودی ژانرێتی دەقەکان.بۆ نموونە شیعری لیریکی بنەما و ئەدگاری تایبەتی خۆی هەیە ، جیاوازە لە بنەماکانی شیعری داستانی .لەگەڵ بوونی تیۆری کۆنی ئەدەب بابەتی (پاکژی ژانرەکان) دێتە کایەوە (واتا لەو بڕوایەدایە کە ژانرەکان هێندە لەیەکدی جیاوازن بواری یەکگرتن و ئاوێتەبونیان نییە،نە لەنێو خۆیاندا و نە لەدەرەوەی ئەدەبیشدا،لەداهاتوشدا هەروەکو خۆیان دەمێننەوە و هیچ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گۆڕانێکیان بەسەردا نایەت )) (ڕەشید ، ٢٠٠١ ، ٣٢) پاکژی ژانرەکان مەبەست لێی هیچ تێکەڵاو بوونێک لە نێوان ژانرەکان ڕوونادات،هەر لەبەر ئەمەشە.((لە تیۆری کلاسیک پاکی جۆرەکان ئەوەیە ... تیکەڵاوکردنی ژانرەکان لەگەڵ یەکتریدا بەتەواوەتی ڕەتدەکاتەوە ))(حوسێن و مەولود ، ٢٠١٨ ، ٤٣) کەواتە تیۆری کلاسیک یان کۆنی ئەدەب یاسایەک و سیستەمێکی نەگۆڕی بۆ بابەتی ناسنامەی ژانریتی دەق دیاریکردبوو دەبێت ژانرەکان جیاوازبن،بەهیچ شێوەیەک سنووری یەکتر نابەزێنن و سەربەخۆی ژانرێتی خۆیان بپارێزن،ئەم بیر و بۆچوونە یان ئەم تیۆرە تاکو سەدەی نۆزدەهەم کاری پێدەکرا و دەتوانین بڵێن داڕێژەری (ئەرستۆ ) بووە،چونکە هەر خودی خۆی باسی لێوەکردووە ڕابەرایەتی ئەم بیروبۆچوونەی کردووە.لە سەدەی نۆزدەهەمدا لەگەڵ پەیدابوونی تیۆری پەرەسەندنی (چارلیس داروین ) و تیۆری پەرەسەندنی ژانرەئەدەبییەکان(فەردیناد برۆنتێر) زەمینەسازییان کرد سەرهەڵدانی تیۆری نوێی ئەدەب .

### ١-٣-١-٢ تیۆری نوێی ئەدەب

تیۆری نوێی ئەدەب،لە ئەنجامی کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورە و کاریگەری جیهانی هاتۆتە کایەوە، چونکە هەموو ڕووداوەکان کە ڕوو دەدەن،لە سەر ئەدەب کاریگەری خۆیان جیدەهێڵێن،هەر بۆیەش تیۆری ئەدەب گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینی.لە سەدەی نۆزدەهەمدا،بیربۆچوونەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی و سەرهەڵدانی تیۆرەکەی (چارلیس داروین )دەربارەی پەرەسەندنی زیندەوەران و داڕشتنی لێکدانەوەیەکی بایلۆجیانە بۆ ژانرە ئەدەبییەکان لە لایەن (فێردیناند برۆنتێر)ەوە، زەمینەسازییان کرد بۆ گۆڕانکاری بۆچوونەکانی (پاقژی ژانرەکان) و ئەو دیدەیان هێنا ئاراوە،کە ژانرەکان چەسپاو نەگۆڕنین .لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمیشدا،توێژینەوەکانی زماناسی نوێ (قوتابخانەی سۆسێر) و بیر و بۆچوونە نوێییەکانی بزاڤی فۆڕمالیزمی ڕووسی،دوای ئەمانیش کاریگەری دادایزم،بوون بە بناغەیەک بۆ داڕشتنی بنەماکانی تیۆری نوێی ئەدەب،بەتایبەتیش لە بابەتی کاڵبوونەوەی سنووری نێوان ژانرەکاندا.((دیارترین و سەرەکی ترین ئەدگاری تیۆری نوێی ئەدەب،کە خۆی پێ جودا دەکاتەوە لە تیۆری کەڤن ئەوەیە ، کە تیۆری نوێ بڕوای بە ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان هەیە ، چ لە نێوان خۆیان دا بێت یان لەدەرەوەی سنووری ئەدەب )) (ڕەشید ، ٢٠٠١ ، ٣٢) لەم بۆچوونەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت خاڵی ناساندنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تیۆری نوێی ئەدەب بە تێکەڵاوبوون سنوورشکاندنی نێوان ژانرەکان دەناسرێت،بۆ نموونە (پەخشانە شیعر ) بەرهەمی ئاوێتەبوونی ڕەگەز و ئەدگاری نێوان شیعر و پەخشانە ، لە دەرەوەی ئەدەبیش دەقی وێنەیی سودی لە زمان و هونەری وێنەکێشان بینیووە.(( نووسەران و بیرمەندانی ئەو قۆناغە بە جۆرێکی تر لە ژانرە ئەدەبیەکانیان و پۆلێنبەندی نێوان ژانرەکانیان دەڕوانی ... لەم قۆناغەدا بۆچوونەکان بە ڕەتکردنەوەی سنووری نێوان ژانرەکان و پۆلێنبەندی ژانرەکان نەوەستان ، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی دژی ژانرەکان و تیۆری ژانرەکان وەستانەوە.))(حەمە ، ٢٠٢٣ ، ١٩) کەواتە دەتوانین بڵێین قۆناغی تیۆری نوێی ئەدەب هەموو هەوڵێکی بۆ هەڵوەشاندنەوەی تیۆری ژانرە ئەدەبییەکان ئەنجامداوە و ئەمەش لە دەرئەنجامی کۆمەڵێک هۆکار؛کەوا باوەڕییان بەخودی ناسنامەی چەسپاو یان نەگۆڕی ژانەرێتی دەقەکان نەبوو،ئەمەش لە دوو لایەنەوە کاریگەری خۆی هەبوو، لە لایەک جۆرە دەقێکی ئاوێتەی هێنایە ئاراوە ، بەو مانایەی کە دەق ئاوێتەیەکە لە ڕەگەزی ئیستاتیکی زیاتر لە ژانرێک.لەلایەکی دیکەشەوە ئەم دیاردە وایکرد، زاراوەیەکی دیاریکراوی ژانرێتی لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکان نەنووسرێت و تەنها وشەی (دەق) یان لەسەر دابنرێت .

ئەگەرچی لەم سەردەمەدا لە بابەتی تیۆری نوێی ئەدەبدا،بەگشتی نووسەران لە دەقە ئەدەبیەکانیاندا زۆر گرنگی بە دانانی زاراوە یان ناسنامەی ژانرێتی دەقەکان نادەن و هەندێجار بێ هێچ زاراوەیەک و زۆرجاریش تەنها بە ناوی زاراوەی (دەق)ەوە،بەرهەمەکانیان بڵاودەکەنەوە،بەڵام ((گرینگی دەستنیشانکردنی تایبەتمەندێتی ژانرییانەی دەقە ئەدەبیەکان لەسەردەمی هاوچەرخیشدا لایەنگری دەستڕۆیشتووی خۆی هەیە ،(جاناتان کالەر) پێیوایە ژانرەکان یارمەتیدەری خوێنەرن بۆ ئەوەی بزانێ چ دەخوێنێتەوە و بەپێی جۆرییەتی ژانرەکە جۆری چاوەڕوانی خوێنەر گۆڕانی بەسەردا دێت))(ئەحمەدزادە ، ١٣٩٨ ، ٢٥-٢٦) کەواتە پۆلێنکردنی دەقە ئەدەبییەکان بە پێی تیۆری نوێی ژانرەکان، گرنگی خۆی هەیە بۆ گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی و تەنانەت بۆ خودی خوێنەریش،جا نووسەر ئاماژە بە ناسنامەی دەقەکەی بدات یان نەدات،ئەمەیان لە ڕۆڵی نووسەر کەم ناکاتەوە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تەوەری دووەم :

### ٢-١ ناسنامەی ژانرێتی دەقەکان لە کۆ دەقی (ئەو گوڵەگەنمانەی بوونە گیسک).

نوسەرانی دەقی ئەدەبی هاوچەرخ بەشێوەیەکی زۆر هەوڵیان داوە لە مەسەلەی ژانرێتی سەر دەقەکانیان خۆیان بپارێزن ، چونکە لەگەڵ پەیدابوونی و سەرهەڵدانی تیۆری نوێی ئەدەب دەربارەی تیۆری ژانرەکان،بوونی ناسنامە لەسەر دەقەکان بەرەو کاڵبوونەوە چوون.نزیک لەم دیاردەی کاڵبوونەوەی ناسنامەی ژانرێتی دەقەکان،یتر نووسەران لە کۆبەرهەمەکانی پەرتوکەکانیان تەنیا زاراوەی (دەق)یان دەنووسی،کە ئەمەش بۆ خوێنەران و ڕەخنەگران کارێکی ئاسان نابێ و بۆ هەڵسەنگاندن و دیدە ڕەخنەیەکان.

لە پەرتوکی کۆدەقی (ئەو گوڵە گەنمانەی بوونە گسک)ی تەڵعەت تاهیردا،نووسەر هیچ ژانرێکی لەسەر پەرتووکەکە نەنووسیوە ،ئەمەش دەرکەوتەی بوونی تیۆری نوێی ژانرە ئەدەبییەکانە ، کەوا ناسنامەی ژانرێتی لای نووسەران بەرەو کاڵبوونەوە دەبات.نەنووسینی زاراوەی ژانرێتی لەسەر پەرتووکەکەی،وایکردووە ناسنامەی ژانرێتی دەقەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە لەلای خوێنەر و ڕەخنەگرانەوە .بۆیە (موحسین ئەحمەد )لە کۆڕی ناساندنی پەرتوکی ئەو گوڵەگەنمانەی بوونە گسک دەڵێ:((تێکستەکانی ئەو بریتین لە شیعر و پەخشانە شیعر و یان پەخشانە شیعر بەبێ هیچ فۆرمێکی دی ، بێگومان ئێمە ئەم ناوەی لێ دەنێین ئەگینا بۆخۆی تا ئێستا هیچ ناوێکی لە تێکستەکانی خۆی نەناوە)) (عومەر ، ٢٠٢٢ ، فەسبوک تەلعەت تاهیر ).لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بەستن بە ڕەگەزی زاڵ لە تیۆری ڕۆمان یاکۆپسن، وەک پێوەرێک بۆ ناسنامەی ژانرێتی،هەوڵی دیاریکردنی ناسنامەی ژانرێتی چەند دەقێکی تەڵعەت تاهیر دەدەین

#### ٢-١-١کورتیلە شیعر

(وا دەڕوا بەجێم دێڵێ )
وەک ئەلبوومی فڕێدراوی ناو کەنتۆڕێک
وەکو ئەلقەی بەجێماوی سەر دەستشۆرێک
وەکو گوڵێکی ژاکاوی ناو مافوورێک
وەک کلیلی ژێر ئینجانەی حەوشەکەتان بەجێت هێشتم..

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشی مەرگی ئازیزانیش تۆ فرمێسکت پێ نەهێشتم
لەلای زۆر کەس پەیوەندیەکان یاری و گەمەن
بەڵام لای من
خۆشەویستیت تەمەنێک بوو ، لەناو تەمەن.(تاهیر ، ٢٠٢٢ ، ٢٠١)

ئەگەر سەیری ئەم دەقە بکەین دەبینین ئامادەبوونی ، ڕیتم دەبینرێ و سەرتاپای دەقەکەی داگیرکردووە ، بەهۆی جۆرەکانی ڕیتمی ناوەکی و دەرەکی ؛ کەوا لە ڕستەی یەکەم و دووەم و سێیەم دا وشەی (وەکو )دوبارە کردیتەوە بۆ پێدانی ڕیتمی ناوەکی ، کۆتایی ڕستەکانیش یەک سەروایی دەبینرێت و سێ برگەن وشەکانی (کەنتۆرێك ، دەستشۆرێک ، مافوورێک) ،وە ژمارەی بڕگەکانی ڕستەی یەکەم و دووەم و سێیەم ١١ برگەیە . هەروەها بۆ زیاتر زاڵبوونی ڕیتمی ناوەکی لەم سێ ڕستەیە چەند وشەکی بەکارهێناوە لەسەر یەک کێشن وەک (فرێدراوی ، بەجێماوی ، ژاکاوی ) ی بەکارهێناوە ،لە ڕستەکانی تریش هاوسەروای نێوان ڕستەکانی بەکارهێناوە ، بۆیەش ئامادەبوونی ڕیتم وەک ڕەگەزێکی ڕێکخراوی نێو دەقە دەبینرێ  هەر بۆیەش دەتوانین بڵێن ڕەگەزی زاڵ لەم دەقە بۆتە ڕیتم . ((ڕیتم شێوەک لە شێوەکان بوونی هەیە،چونکە کورتیلە شیعرەکان ، ئاوازی ناوەوەی تێدایە ))(محەمەد ، ٢٠١٤ ، ٢١)  چونکە ئاواز یەکێکە لە بنیاتە گرنگەکانی ژانەری شیعر و لە ناوی دا کورتیلە شیعر ، کەواتە بوونی ڕیتمی ناوەکی و دەرەکی لەم دەقە بۆتە ڕەگەزی زاڵ دەتوانین بڵێین ئەم دەقە لە بازنەی (کورتیلە شیعر) دادەنرێت . چونکە کورتیلە شیعر خاوەنی چەند ئەدگارێک و بنمایەکی سەربەخۆیەوەکو: ڕیتم ناوەکی و دەرەکی ،کورت و چڕی زمان،کێش و سەروا. (محەمەد ، ٢٠١٤ ، ٢١)

### ٢-١-٢ پەخشانە شیعر

(توحفە لەسەر توحفە )
لەم گەردوونە بێکۆتایە ، گەر ملیار و ملیاران ساڵی تیشکی بڕۆین
هێشتا فراوانتر و فراوانترە .. تاکە شوێن کە تیایدا هەناسە هەبێت
ئەم هەسارەیەی ئێمەیە ، تاکە شوێن منداڵ بە کراسی شینەوە
بڕۆنە مەکتەب ، ئێرەیە.  ڕەنگ هەیە و باران هەیە .. درەخت هەیە و

ئۆکسجین دەدا ..
بەپێی زانسی فیزیا ، تۆز و غوبار لەم گەردوونە زۆر دەگمەنن ، گەر
بە قەد کەللایەک تۆزەکان بەهۆی هێزی کێشکردنەوە لە یەکتر
نزیکتر ببنەوە بە لانیکەم پێویستی بە بیست و پێنج ملیۆن ساڵی
تیشکی هەیە ، ئەمە وا دەکات کاتێک بلۆکێک یان خشتێک
دەبینیت لە باوەشی بکەیت ، تەنها لەسەر ئەم هەسارەیەی
خۆمان فرمێسک هەیە ، چونکە گەر هێزی کێشکردن نەمێنێ
فرمێسک نارژێ .. تەنانەت گریانیش کە ئەو هەموو قسەیەمان
لەبارەی حاڵەتە درامییەکەیەوە هەیە ، خۆی لە خۆیدا موعجیزەیە ..
لەسەر ئەم هەسارە ناوازە و دەگمەنەدا کەسانێک هەن لە
ڕۆژئاوا ڕقیان لە پرچی ڕەشی ئێمەیە ، کەسانێک هەن لە ڕۆژهەڵات
ڕقیان لەچاوی شینی ئەوانە .
کەسانێک هەن لەسەر ناو ، تەنها ناو ، خەڵک دەکوژن .
کەسانێکمان هەیە ڕقی لە عەگالە ، ئەوانیش کەسانێکیان هەیە
ڕقیان لە جەمەدانییە .
ڕووسەکان دژی ئۆکڕان و کروات دژی بۆسنی و جوولەکە دژی
موسڵمان و تورک دژی کورد و کورد دژی عەرەب و ئەمریکی دژی
هیندییە سوورەکان و ئەڵمان دژی پۆڵەندی و تاڵیبان دژی
هەمووانە ،شارەکان دژی شارەکان ونەتەوەکان دژی نەتەوەکان و
سنوور و پاسەپۆرت و مۆسیقای من و کەلتووری من و نەوت و
حەشیش و دەوڵەتی من و موخابەرات و سیخوڕی و تیرۆرکردن و
بازرگانیی مرۆڤ و دەرمان و دزینی گورچیلە و کڕینی منداڵ و هتد ..
گەر کەمێک بەرز ببینەوە ، دوور نا ، پیاسەیەک کە بە مووشەک
لە ئێستادا بیست سەعاتێک دەخایەنێت و بڕۆینە سەر مانگ ..
دووریی مانگ لە ئێمەوە لەو ملیار و ملیاران ساڵی تیشکییەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەردوون ، بەپێی ژمارەکان تەنها یەک چرکە و سێ بەشی چرکەیەک
دوورە ، لەو سەر مانگە تەماشایەکی ئەم هەسارەیە بکەین ،
دەبینین مانایەک نامێنێتەوە بۆ قژی ڕەش و چاوی شین بۆ عەگال
و قاتی مرادخانیت مانایەک نییە بۆ منداڵی ئەڵمان و پیرەمێردێکی
جوولەکەی پۆڵەندی ، شنەبایەک نییە چ جای مۆسیقا ؟ سەیرێکی
ئەم هەسارەیە بکە و دەبینی کۆمەڵێک ئینسانی زیندوو بە دڵی
خۆیان وەرزی جیاواز و ڕەنگی جیاواز دەبینن ، لەسەر مانگەوە دیارە
ئەم هەسارەیە چ توحفەیەکی ناوازە و تایبەتە کە ئێمە دابەشمان
کرد بەسەر هۆز و نەتەوە و دەفتەرێکی سپیارە کەناوی نراوە
پاسەپۆرت ، نرخی ئەو هەموو جوانییەمان گۆڕییەوە بە پارچە
کاغەزێک کەپێی دەگوترێت پارە ..
باشە ئەگەر یەکێکمان لە مۆزەخانەیەکدا توحفەیەک
ببینێت تەمەنی پێنج هەزار ساڵێک بێت ، بە سەرسورمانەوە
سەیری ناکات ؟ ڕێزی ناگرێت ؟ ئەوە بەردەکەی حەمۆڕابی کە یاسای
لەسەر نووسراوە ، ئەوە تابووتەکەی تووت عنخ ئاموون ، ئەوە
دیواری ماڵەکەی مەئموون ، ئەوە پەیکەرەکانی ئەنجیلۆ ، کێ هەیە
ڕێزییان نەگرێ ؟! باشە بۆچی ڕێزی ئەم هەسارەیە ناگیرێت کە
توحفەیەکە تەمەنی چوار ملیار و هەشت سەد ملیۆن ساڵە ؟ !
جا لەوەش جوانتر ..
نا .. جوانترین ئەوەیە لەسەر ئەم هەسارە توحفەیە تۆشم
ناسی و خۆشم ویستیت .
هەتا هێزی کێشکردن هەیە و مەودای فرمێسک ڕژان ماوە ،
بە چاوی پڕ ئاوەوە تەماشات دەکەم ، ڕێک وەک توحفە لەسەر
توحفە . ( تاهیر ،٢٠٢٢، ل٩٧)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبینین نووسەر دژییەکی بەکارهێناوە بۆ ئەم دەقە لەرووی نەتەوەکان یان کەسەکان سیفەت پێدانیان و شرۆڤەکردنی ئەم ململانێیە و کردنی بە دەقێکی ئەدەبی بەتەواوی دەقەکەی داگیرکردووە وەکوو (ڕووسەکان دژی ئۆکران و کروات دژی بۆسنی و جوولەکە دژی مسڵمان و تورک دژی کورد و کورد دژی عەرەب و ئەمریکی دژی هیندییە سوورەکان وئەڵمان دژی پۆڵەندی و تاڵیان دژی هەموانە ،...) .بۆیە دەکرێت بڵێین چەمکی دژبەیەکی هێمایی ڕەگەزی زاڵی ئەم دەقە بێت ، پێکهاتەی دەقەکە بەیەک بەستتەوە و لەگەڵ ئەمەش دا بەکارهێنانی کۆمەڵێك وشەیی هێمادار دەبینین ، لە نێو ڕستەکان وەک (عەگال ،مرادخانی ، قژی ڕەش ،چاوی شین ، جەمەدانییە ... ) بۆیە ((زمانی شیعری پەخشانە شیعر زیاتر وەک زمانێکی هێمایی خۆی دەنوێنێ بەحوکمی ئەوەی دەقی پەخشانە شیعر زیاتر دەقێکی مەعریفییە هەوڵدەدات چەندین لایەنی ئەفسانەیی و سیمبوڵی و مەعریفی و ڕۆشەنبیری پێشکەش بکات ))(گەرمیانی ، ٢٠١٣ ، ٦٣) کەواتە زمانێکی هێمادار و زمانێکی مەعریفی لەم دەقە ئامادەبوونی هەیە ، هەر بۆیەش دەتوانین بڵێن هەبوونی هێمایی دژ بەیەکی وشەکان بۆتە ڕەگەزی زاڵی دەقەکە ، دەتوانین وەک پێوەرێك بۆ ناساندنی بە پەخشانە شیعر جێگیری بکەین .چونکە پەخشانە شیعر خاوەنی چەند بنەما و ئەدگارێکە وەکو :زمانی هێمدار ، ڕیتم ، گێڕانەوە (خدر،٢٠٢٢، ٦٢-٦٥)

### ٢-١-٣ کورتە چیرۆک :

(عبدوڵلا گوێ بەگوارە)

هەموو دایکەکان منداڵەکانیان بەو پیاوە دەترساند،
ساواکانیان بەو پیاوە دەخەواند ، گەنجەکانیش تیایدابوو بە نەزۆک
و هەشبوو بە منداڵبازیان دەزانی .
عەبدوڵلا گوێ بە گوارە پیاوێکی چل ساڵەی ئەسمەری باڵابەرز
بوو ، دەست و ناولەپی ڕەش ڕەش بوو ، پرچێکی زۆر درێژتری لەو
ژنانەی هەبوو کە سبەینانی پێنجشەممان لە بەردەم حەمام
قەرەچووغ دەمانبینین ، لەژێر ئەو پرچە درێژەیدا کە بە هەوای
لێخوڕینی پایسکلە بێ قایشقوڕەکەی دەلەرییەوە : دوو گوارەی زێڕی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عەیار تۆقێنەر دەبریسکانەوە .

لە گەڕەکێکی وەک "کوران"ی ئەوسا کە ئەگەر کەسێک لە دووریی سەد مەترەوە بپژمیبا حەفتا کەس لەلایەن خۆیانەوە دەیانگوت : خودا ڕەحم بە ئێمە و مردووەکانمان بکات ، ئەستەم بوو پیاوێکی گوێ بە گوارە حسێبی کافرێکی زەمانی جاهیلیشی بۆ بکرێت ، ڕاستییش خەڵکی کوران نەبوو ، ژوورێکی لای پیرێژنێک بە کرێ گرتبوو لە کۆڵانێ گەنمفرۆشان ، بەبێدەنگی سبەینان دەڕۆیشت و ئێواران دەهاتەوە ، نەمانبینی ڕۆژێک سڵاوێک لە کەسێک بکات ، تەنیا و بێکەس دەژیا ، تەنانەت سەرەتا وامان دەزانی کەڕ و لاڵە ، تا ئەو پیرێژنەی خاوەن خانووەکە درکاندی کە جار جارە بیستوویەتی بە دەنگێکی نزم لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەڵێت ، نەمانبینی بێتە پرسەیەک ، یان هیچ نەبێت دوو شیش علێوە لای دوکانەکەی مام سەید بخوات .. مەلای گەڕەک بۆچوونی وابوو کە جنۆکەکان خواردنی بۆ دێنن ، کاتێک پیرەمێردەکانیش دەیانپرسی خواردنی جنۆکەکان چییە مامۆستا ؟ ئەویش بە نەبرەی کەسێک کە خزمایەتی لەگەڵ حەنبەلییەکان هەبێت ، دەیگوت : قاچی بەرازە لەناو تێزاب دەیکوڵێنن ، بەڵام مشتێک ساواریشی تێ دەکەن .

ئەو کەسانەی شەوان درەنگ تانکی ئاوی سەربانیان پڕ دەکرد ، سوێندیان دەخوارد کە بیستوویانە پایدەری پایسکلەکە لەخۆڕا زنجیرەکەی سووڕاندۆتەوە ، ئەو عاشقانەی لە شەوە بێ مانگەکاندا دەچوونە ژووانی یارەکانیان سەربان و سەربان بازیان دەدا دەیانگوت بینیومانە دەستە بە تاوان ڕەشبووەکەی وەکو دوو چرا شەوقیان داوەتەوە ..

ئێوارەیەک پیرەمێردەکان لەبەردەم مزگەوتدا دامەیان نەکرد و بڕیاریان دا چەند گەنجێک بە دوای گوێ بە گوارەیە بنێرن بزانن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەبو جەهل سبەینان بۆ کوێ دەچێت و چ کارەیە ؟!
بۆ ئەمەش دەبووایە یەکدوو کەسی وەرزشوان هەڵبژێرن ،
چونکە ڕاکردن بە دوای پایسکلسوارێکدا بە وتەی پیرەمێردەکان
خۆیان : کەسێکی دەوێ ڕیخۆڵەی نەبێت .
بۆ ئەم ئەرکە ئیمانییە من و سەعەیان هەڵبژارد ، سبەینەی
ڕۆژی دواتر عەبدوڵلا گوێ بە گوارە هەستایە سەر پەیدان و ئێمەش
بە دوایدا ، ئەوەی باش بوو زوو زوو تایمی سوکانی پایسکلەکەی
تێک دەچوو کە ئێمە بە هەناسەی سوارەوە پێمان وابوو بە هۆی
گوناهە زۆرەکانیەتی ، جار جارەش بە پێکەنینەوە دەمانگوت نا ،
ئەوە بە هۆی کێشی زیادەی گوارە و قژە درێژەکەیەتی . ئەو کافرە
ناچار بوو بوەستێ و دابەزێ و تایەکە بخاتە ناو لینگییەوە و تایمی
سوکانەکە بداتەوە ، دەنا هەر بە ڕاستی ڕیخۆڵەی دەپساندین ..
مردین هەتا گەیشتینە تەیراوە، دەرابی دوکانێکی دیوار ڕەشی
کردەوە ، لە بەرامبەریدا خۆمان لەتەنیشت ئەو عەرەبانەیە
شاردەوە کە لۆبیا و نۆکی دەفرۆشت ، دنیایەک زۆپا و پرێمز و غازی
سێ پایە و تەباخی بچووکی فتیلەدار لە دوکانە تاریکەکەیدا بەسەر
یەکدا هەڵچنرابوون ، بە خەتێکی جوان لەسەر کارتۆنێکی
هەڵواسراوی سەر دیوار نووسرابوو : بۆ چاککردنەوەی هەموو زۆپا
و تەباخێک ، بە تەنها چاککردنەوەی پرێمز بەخۆڕاییە ".
هاتە بەردەم دوکانەکە و بە دەنگێکی خۆش ، کە یەکەم جار بوو
بیبیستین بانگی کردین : وەرن ..
ویستمان ڕاکەین و گوتی : دەڵێم وەرن .
بە لەرزەوا لەو پیاوە پرچدرێژە دەسترەشە گوێ بە گوارەیە نزیک
بووینەوە ، نەوێراین بچینە ناوەو و لەسەر بلۆکە
ڕەشهەڵگەڕاوەکانی بەردەم دوکانە گرمۆڵە بووین ،سوراحییەک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاوی هێنا و بەبێ ئەوەی بزانین لە ترسانە یان هیلاکی ، ئاومان خواردەوە ، یەکێک لە تەباخەکانی داگیرساند و قۆرییە بە تەنی و سوتووەکەی چای لەسەر دانا ، چووە ئەوبەر لەسەر کاغەزێکدا کە دیاربوو کتێبی پەروەردەی نیشتمانییە ، هەندێک نۆک و لۆبیای هێنا و لە تەنیشتما دانیشت ، من یەکسەر ئارام بوومەوە کە لەسەر زۆپایەکی شکاودا بینیم کتێبی ( احبک والبقية تاتی ) ی نزار قەببانی دانراوە ، نەشمزانی گوێی لێمە کاتێک لەبەر خۆمەوە گوتم : ئەوەی شیعری نزار قەببانی بخوات ، پێویستی بە خواردنی جنۆکان نییە ، تەماشای کردم و گوتی : چما دەڵێن خواردنی جنۆکەکا دەخۆم ؟! دەرکەوت نەک هەر ئێمەی دیوە ، بەڵکو لەبەر خاتری ئێمە زوو زوو وەستاوە و لە پایسکلەکەی دابەزیوە ، ئیتر لە سەرەتاوە هەموومان بۆ گێڕایەوە ، هەرچی گوتراوە و هەڵچنراوە ..

بە خەندەی تاڵی ئەو کەسانەی لە دووریی ڕاهاتوون گوتی : بۆ ئەوەی ئەو هەموو ڕاکردنەی ئەمڕۆتان بە خەسار نەچێت ، هەندێک نۆک و لۆبیا بخۆن و چایەک بخۆنەوە و بڕۆنەوە ، بە پلکە نەجاتیش بڵێن من چیتر نایەمەوە ئەو ماڵە و ئەو یاتاغە کۆنەی تێشیدایە گەردنی ئازاد بێت ..

بۆ کرێی پاس یەکەو درهەمێکی خستە ناو لەپمانەوە ، ویستمان قسەیەک بکەین ، پەنجەی شایەتمانەی لەسەر دەم دانا ..

ڕۆیشتین یەکدوو هەنگاو و ئاوڕم دایەوە و پرسیم : لەبەر خاتری هیلاکیمان نا ، لەبەر خاتری کتێبی ( احبک والبقية تاتی ) ، پێم بڵێ ئەو گوارەیە چییە ؟!

بە دەنگی مرۆڤێک کە تا ئەم ساتە لەومرۆڤترم نەدیوە، گوتی : گوارەی خێزانەکەمە ، بە پرێمز سووتا ...! (تاهیر ،٢٠٢٢، ل ١٨٥)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جێی سەرنجە زمانی ئەم تێکستە سێ بەشی زمانی گێڕانەوەیە لە چوارچێوەی کورتە چیرۆکی هونەریدا،ڕوونتر بڵێن ئەگەرچی زمانی گێڕانەوەیی زاڵە بەسەر تێ بەڵآم خاڵیش نیە لە وێنەی هونەری و بەخشینی سیمایەکی ئیستاتیکی بە تێکستەکەدا ،بۆنموونە لەم ڕستانە بەدی دەکرێ (ئەوەی شیعری نزار قەبانی بخوات ) نووسەر خواستنی کردووە لە کاری خواردن بۆ خوێندنەوە ، (بەخەندەی تاڵ ) لێرەدا نووسەر جێگۆرکێ هەستەکانی کردووە ئەم دەقە لە نێو قالبێکی چیرۆکانە نوسراوەتەوە بەهۆی ئەوەی کەوا بنیاتی هونەریەکانی چیرۆک تێدا بوونی هەیە وەکو (کەس و شوێن و کات و ڕووداو ... ) هەربۆیەش دەبینی نووسەر تەرکیزی لەسەر وێنە کاریگەرەکەیە وسەرتاپای دەقەکەی داگیرکردووە ، وەکو (بۆ ئەم ئەرکە ئیمانییە من و سەعەیان هەڵبژارد، ، سبەینەی ڕۆژی دواتر عەبدوڵلا گوێ بە گوارە هەستایە سەر پەیدان و ئێمەش بە دوایدا ، مردین هەتا گەیشتینە تەیراوە ، هاتە بەردەم دوکانەکە و بە دەنگێکی خۆش ، کە یەکەم جار بوو ببیستین بانگی کردین : وەرن ..ویستمان ڕاکەین و گوتی : دەڵێم وەرن ، ویستمان قسەیەک بکەین ، پەنجەی شایەتمانەی لەسەر دەم دانا ، ڕۆیشتین یەکدوو هەنگاو و ئاوڕم دایەوە و پرسیم : لەبەر خاتری هیلاکیمان نا ، لەبەر خاتری کتێبی ( احبک والبقیة تاتی ) ، پێم بڵێ ئەو گوارەیە چییە ؟! بە دەنگی مرۆڤێک کە تا ئەم ساتە لەومرۆڤترم نەدیوە، گوتی : گوارەی خێزانەکەمە ، بە پرێمز سووتا).هەربۆیەش دەبین ڕەگەزی زاڵی دەقەکە ئامادەبوونی وێنەکاریگەرەکەیە و لە کۆتاییدا نووسەر ڕووداوێکی چاوەڕنەکراو درووست دەکات (کۆمەڵێ نووسەر ، ٢٠٢٢ ، ١١١-١١٣) ، بۆیە دەتوانین لە ڕێگەی ڕەگەزی زاڵی وێنە کاریگەرکەیە ئەم دەقە لە بازنەی کورتە چیرۆک دابنێن.کورتە چیرۆک خاوەنی کۆمەڵێک بنەما ئەدگارە وەکو :ترکیزلەسەر وێنە کاریگەرەکەیە ، کۆتایی چاوەڕوان نەکراو ، کەمترین ئیش ، خوێنەر لە گومان دەهێڵێتەوە . (کۆمەڵێ نووسەر ، ٢٠٢٢ ، ١١١-١١٣)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجامەکان :

١-بەپشتبەستن بە چەمکی ڕەگەزی زاڵ ، دەرکەوت دەقی ( وا دەڕوا بە جێم دێڵێ) سەربە ژانری کورتیلە شیعرە،دەقی (توحفە لەسەر توحفە) وەک پەخشانە شیعر دیاری بکات ، دەقی(عبدوڵلا گوێ بەگوارە) وەک کورتە چیرۆکی هونەری بناسێنێ بە پێی چەمکی ڕەگەزی زاڵ.

٢-چەمکی ڕەگەزی زاڵ ئەو لێڵ و ناڕوونیانەی سەر ئەم دەقانە لادەبات ، کەوا بەشێک لە نووسەران و ڕەخنەگران و خوێنەران دەربارەی بەشێک لەدەقەکانی تەڵعەت تاهیر دەیڵێن و پێیان وایە ئەم نووسینانە دەقی نائەدەبین یان قسەی ئاسایی ڕۆژانەن.

٣-بۆبەشێک لەم دەقانەی کە ناسنامەی ئەدەبیان دیاری نەکراوە،لەبەر پێکهاتەی ئاوێتەییان لە نێوان دوو ژانردا،دەکرێت بە پشت بەستن بە ڕەگەزی زاڵ ناسنامەی ئەم جۆرە دەقانە یەکلا بکرێتەوە .

## سەرچاوەکان: أ/ کوردیەکان

### ١-کتێب

بەرزنجی ،عبداللە تاهیر ، ٢٠١٦، ئەندازەی وشە و وێنە ، چاپخانەی پەنجەرە ،سلێمانی.
تاهیر، تەلعەت ، ٢٠٢١، ئەو گوڵە گەنمانەی بونە گیسک ، دەزگای فام ، هەولێر .
خاڵ ،شێخ محەممەدی ، ٢٠٠٥ ، فەرهەنگی خاڵ ، دەزگای ئاراس ، هەولێر .
ناوخۆش وئەوانی تر ، سەلام ، ٢٠٠٧ ، فەرهەنگی هەراشان ، دەزگای ئاراس ، هەولێر
ڕەشید ،فوئاد ، ٢٠٠٥ ، ناسنامەی دەق ، بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد -لقی کەرکوک کەرکوک.
زادە،هاشم ئەحمەد ، ٢٠١٩ مێژوو بە ڕاوێژی ئەدەب ، ، ڕۆنیکا ، سوید .
سەعید، ئازاد محەممەد ، ٢٠١٣ ، کورتیلە چیرۆکی کوردی لە باشوری کوردستان (١٩٧٠-١٩٧٩) چاپخانەی شەهاب، هەولێر .
محەممەد ،شاخەوان فەرهاد ، ٢٠١٤، کورتیلە شیعر لەئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا ،هەولێر
موکریانی، هەژار ، ١٣٦٩ فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە ، ، ئێران .
نازم و سالح ،سەنگەر و ڕێزان ، ٢٠١٨ ژانرە ئەدەبییەکان ،چاپخانەی کوردستان ، هەولێر .

کۆمەڵێک نووسەر ، ٢٠٢٢ ، چیرۆک چیە ؟ ، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی .

## ٢-توێژینەوە ئەکادیمیەکان

حەمە ،ئەڤین ئاسۆس ، ٢٠٢٣ ، ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی کۆیە ، بەشی کوردی ،کۆیە .

خدر ، پەروین عەبدوللا ، ٢٠٢٢، فۆرمی شیعری هاوچەرخی کوردی (١٩٧٨-٢٠٠٠)باشوری کوردستان ، نامەی ماستەر ، زانکۆی کۆیە ، بەشی کوردی ، کۆیە .

## ٣-گۆڤارەکان

گەرمیانی،عادل ٢٠١٣، خەسڵەتەکانی زمانی شیعری هاوچەرخ ، گ:ئەکادیمی کوردی ، ژ:٢٦ ، هەولێر .

ڕشید، فوئاد ، ٢٠٠١ دەقی ئاوێتە و ناو و ناسنامە ، ، گ :ڕامان ، ژ:٦٥ ، دەزگای گوڵان ، هەولێر

## ٤-ئینتەرنێت :

ئەکاونتی تەلعەت تاهیر . https://www.facebook.com/talaat.taher.5

## ب/عەرەبیەکان:

### ١-کتاب

محمد ، الوالي ، ٢٠٠٠، الشكلانية الروسية، المركز ثقافي العربي ، بيروت
جابر ،د،كوثر، ٢٠١٢ ، الكتابة عبر النوعية، ، مجمع اللغة العربيه – ، حيفا
حمداوي ، د.جميل ، ٢٠١٦،الشكلانية الروسية الأدب و النقد ،بدون، مكتبة شامله -افريقا شرق
الخطيب ، ت.ابراهيم ، ١٩٨٢نظريه المنهج الشكلي ، مؤسسة الابحاث العربية ، لبنان
رشام،دفيروز ٢٠١٧، شعريه الأجناس الأدبيه في الأدب العربي، الجزائر-دار فضاءات للنشروالتوزيع.
الفوزان و الطاهر و عبدالخالق ، عبدالرحمان بن أبراهيم و مختار و محمد ، ٢٠١٣، معجم العربية بين يديك ، الرياض

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢-مجله**

مبروک ،دمراد عبدالرحمان، ٢٠١٦ ، اللسانية المعمارية و تشكيل المصطلح النقدي الشعرية انموذجا ، ،الخطاب الحدد ٢٢ ، جامعه الملك عبد العزيز – السعوديه .
الروبی، ت.الفت کامل ، ١٩٨٤ اللغه الميعارية و واللغة الشعرية ،مجله فصول٥.

## ج/فەرسییەکان

١-فرهنگ

معین ، محمد ، ١٣٨١، فرهنگ فارسی ، تهران .

٢-مجله

جمکرانی و چراخی ، احمد رضایی و علی ، ١٣٩٩،(جدال سنت و مدرنیته) عنصر غالب اثار محمود دولت ابادی باتاکید برجای خالی سلوچ ، مطالعات فرهنگ ارتباطات ، شماره ٥٦ ، سال٢٢، شماره مسلسل ٨٨ ، زمستان .
-شکیب ، محمد خسروی ، ١٣٨٨ ، (وجه غالب و بازی ساختار) ، مجلة دانشکده ادبیات و علوم انسانی ، س ١٧، ش٦٦ ، زمستان .

## د/ئینگلیزیەکان

ROMAN JAKOPSN, (1987) language in literature , united states of america ,new york oxford english-arabic dictionary N C DONIACH, (2019)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

# Dominant gender as a criterion for the identity of the genre of a text, for example, in the texts of (Tal'at Tahir)

**Prof. Dr. Fuad Rasheed Mahammad**
Kurdish Department, Basic education, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: fuad.mohammd@su.edu.krd

**Mahamad Othman Karem**
Kurdish Department, Basic education, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: Mohammed.o.kareem@su.edu.krd

## Abstract

The dominant element, as a critical term, was established primarily by Roman Jakobson, who belonged to the Russian Formalist movement. This research investigates the role and position of this term as a criterion for determining the genre identity of literary texts. The research is a practical analytical effort examining the texts ("He Goes Leaving Me Behind," "Gift upon Gift," "Abdullah with Earrings") from Talat Tahir's collection "Those Wheat Flowers That Became Brooms," where critical analysis is performed focusing on the dominant elements within these texts. Based on this term, the study attempts to classify the texts and identify their genre identity, as the poet (Talat Tahir) has not defined the identity of his texts and has left it to Kurdish literary critical discourse. This lack of identity in the texts has even caused readers to doubt whether these texts are literary or not. For the verification and analysis of the texts, the research has utilized Jakobson's concept of poetic dominance and contemporary stylistic methodology.

***Keywords :*** *Genre, The dominant  Identity, Tallat Tahir , Roman Jakobson*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# العنصر المهيمن كمعيار لهوية النص، نصوص الشاعر(طلعت طاهر)نموذجا

**ملخص:**
العنصر المهيمن، كمصطلح نقدي، تم ترسيخه بشكل أساسي على يد رومان ياكوبسون، الذي ينتمي إلى الحركة الشكلانية الروسية. تناول هذا البحث فعالية هذا المصطلح كمعيار لتحديد هوية الأجناس الأدبية للنصوص. البحث هو محاولة تحليلية تطبيقية في نطاق نصوص ("هكذا يذهب تاركاً إياي"، "تحفة فوق تحفة"، "عبد الله ذو الأقراط") من مجموعة (تلك الزهور القمحية التي أصبحت مكانس) لدى طلعت طاهر، حيث يتم إجراء تحليل نقدي لها وفيها يتم تسليط الضوء على العنصر المهيمن داخل النصوص. استناداً إلى هذا المصطلح، تحاول الدراسة تصنيف النصوص وتحديد هويتها الأجناسية، لأن الشاعر (طلعت طاهر) لم يحدد هوية نصوصه وتركها للخطاب النقدي الأدبي الكردي. ان غياب الموشير الأجناس على هذا نصوش إلى الهوية في النصوص قد أوقع القارئ في شك حول مدى أدبية النصوص من عدمها. وقد استفاد الباحث، من أجل تحقيق وتحليل النصوص، من مفهوم العنصر المهيمن الشعري لياكوبسون ومنهج الأسلوبية المعاصرة.